**بەناوی خودای بەخشندەو میهرەبان**

**بەناوی گەلەوە**

**پەرلەمانی کوردستان ـ عێراق**

**ژمارەی دەرچوون: ١٨**

**مێژووی دەرچوون: /٢٠١٨/٧**

پشت بە حوکمی برگەی (١) لە ماددەی (٥٦)ی یاسای ژمارە (١)ی ساڵی ١٩٩٢ی هەموارکراو و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی ئەندامانی پەرلەمان، و لەسەر ئەو یاساکارییەش کە پەرلەمان لە دانیشتنی ئاسایی ژمارە (٧)ی رۆژی ٢٠١٨/٧/١٥ ئەنجامیداوە و، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە لە بڕگەی (سێیەم)ی (ماددەی یەکەم) لە یاسای ژمارە (٢)ی ساڵی ٢٠١٧ بەدەسەڵاتی سەرۆکایەتی پەرلەمان دراوە، بڕیاری دەرکردنی ئەم یاسایەی دا:

## یاسای ژمارە (١١)ی ساڵی ٢٠١٨

## یاسای هەمواری سێیەمی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ی هەموارکراو لە هەرێمی کوردستان – عێراق

**ماددەی (١):**

**ماددەی (١) لەیاسای هەمواری دووەمی پیادە کردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ ی هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.**

**ماددەی (١):**

ئەو گرێبەستانەی بۆمەبەستی بەکرێدانی خانووبەرە بۆ نیشتەجێ بوون یا غەیری نیشتەجێوون گرێدراون، هەر (٤) چوار ساڵ جارێك نوێ دەکرێتەوە بە کرێیەك کە هەردوولا لەسەری رێك دەکەون بە زیاد کردن یان کەم کردن بەمەرجێك لە حاڵەتی زیاد کردنی کرێیەکە لە ٢٠٪ زیاتر نەبێت لە کرێی پێشوو

**ماددەی (٢):**

**ماددەی (٢) لە یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ ی هەموار دەکرێت و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.**

**ماددەی (٢):**

یەکەم: ئەگەر هەردوو لای گرێبەست لەسەر بڕی کرێ رێك نەکەوتن کە بەپێی مادده (١) کە لەم یاسایەدا هاتووە ئەوا هەردوو لا یان لایەکیان بۆیان هەیە داوا لە بەڕێوەبەرایەتی باجی خانووبەرە بکەن کە لە رێگەی لیژنەی خەملاندنی تایبەتەوە بەرەچاو کردنی دۆخی ئابووری خەملاندن بۆ کرێیەکە بکات.

دووەم: بڕیارەکانی لیژنەی هاتوو لە بڕگەی (یەکەم)ی ئەم ماددەیە شایەنی تانە لێدانە لەبەردەم دادگای بەرایی لە ماوەی (١٥) پانزە رۆژ لە بڕیاری خەملاندنەکەوە وبڕیاری دادگا یەکلاکەرەوە دەبێت.

**ماددەی (٣):**

ماددەی (٤) لە یاسای هەمواری دووەمی پیادەکردنی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩ هەڵدەوەشێتەوە.

**ماددەی (٤):**

ماددەیەك بۆ یاساکە زیاد دەکرێت و ریز بەندی مادەکان رێك دەخرێتەوە و بەم شێوەیە دەخوێندرێتەوە.

چۆڵ کردن (تخلیە) لە گرێبەستەکانی مادە یەکی ئەم یاسایە ملکەچ دەبێ بۆ حوکمەکانی یاسای بەکرێدانی خانووبەرە ژمارە (٨٧)ی ساڵی ١٩٧٩.

**ماددەی (٥):**

کار بەهیچ دەقێکی یاسایی یان بریارێکی ناکۆك لە حوکمەکانی ئەم یاسایە ناکرێ.

**ماددەی (٦):**

پێویستە لەسەر لایەنە پەیوەندیدارەکان حوکمەکانی ئەم یاسایە جێبەجێ بکەن.

**ماددەی (٧):**

ئەم یاسایە لەرۆژی بڵاوبوونەوەی لەرۆژنامەی فەرمی وەقایعی کوردستان جێبەجێ دەکرێت.

## هۆیەکانی دەرچواندن

لەپێناو هێنانەدی دادپەروەری و هاوسەنگی لەنێوان مافی خاوەن موڵك و کرێچی و، بە لەبەرچاو گرتنی دۆخ و گرفتی ئابووری وکۆمەڵایەتی، ئەم یاسایە دەرچوێندرا.

**یوسف محمد صادق**
**سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان ـ عیراق**

**جعفر إبراهیم ئێمینکی**
**جێگری سەرۆکی پەرلەمانی**
**کوردستان ـ عیراق**

**بێگەرد دلشاد شکراللە**
**سکرتێری پەرلەمانی**
**کوردستان ـ عیراق**

**بسم الله الرحمن الرحيم**

**باسم الشعب**

**برلمان كوردستان – العراق**

**رقم الإصدار: ١٨**

**تاريخ الإصدار: /٧/٢٠١٨**

استناداً إلى حكم الفقرة (١) من المادة (٥٦) من القانون رقم (١) لسنة ١٩٩٢ المعدل، وبناءً على ما عرضه العدد القانوني من أعضاء البرلمان، وبناءً على ما شرعه البرلمان في جلسته الاعتيادية رقم (٧) بتأريخ ٢٠١٨/٧/١٥، وبموجب السلطة الممنوحة لرئاسة البرلمان بموجب الفقرة (ثالثاً) من (المادة الأولى) من القانون رقم (٢) لسنة ٢٠١٧، قرر إصدار القانون الآتي:

## القانون رقم (١١) لسنة ٢٠١٨

## قانون التعديل الثالث لقانون إيجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩ المعدل في إقليم كوردستان – العراق

**المادة (١):**

**تعدل المادة (١) من قانون التعديل الثاني لتطبيق قانون إيجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩ وتقرأ على الوجه الآتي:**

المادة (١):

تجدد عقود إيجار العقار المبرمة لأغراض السكنى أو لغير السكنى مرة كل أربع سنوات بأجرة يتفق عليها الطرفان سواءً بالزيادة أو النقصان بشرط ألا تزيد الأجرة في حالة الزيادة على (٢٠٪) من الأجرة السابقة.

**المادة (٢):**

**تعدل المادة (٢) من قانون التعديل الثاني لتطبيق قانون إيجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩ وتقرأ على الوجه الآتي:**

المادة (٢):

**أولاً-** إذا لم يتفق طرفا العقد على مقدار الأجرة بموجب المادة (١) من هذا القانون يحق لكلا الطرفين أو لأحدهما الطلب من مديرية ضريبة العقار تقدير الأجرة من خلال لجنة تقدير خاصة مع الأخذ بنظر الاعتبار الظروف الاقتصادية.

**ثانياً-** تكون قرارات اللجنة الواردة في الفقرة (أولاً) من هذه المادة قابلة للطعن فيها لدى محكمة البداءة خلال مدة (١٥) يوماً من صدور قرار التقدير ويكون قرار المحكمة باتاً.

**المادة (٣):**

**تلغى المادة (٤) من قانون التعديل الثاني لتطبيق قانون إيجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩.**

**المادة (٤):**

**تضاف مادة إلى القانون ويعاد تنظيم تسلسل المواد وتقرأ على الوجه الآتي:**

تخضع التخلية في عقود المادة (١) من هذا القانون لأحكام قانون إيجار العقار رقم (٨٧) لسنة ١٩٧٩.

**المادة (٥):**

لا يعمل بأي نص قانوني أو قرار يتعارض وأحكام هذا القانون.

**المادة (٦):**

على الجهات ذات العلاقة تنفيذ أحكام هذا القانون.

**المادة (٧):**

ينفذ هذا القانون من تأريخ نشره في الجريدة الرسمية (وقائع كوردستان).

## الأسباب الموجبة

من أجل تحقيق العدالة والتوازن بين حق المستأجر وصاحب الملك ومع الأخذ بنظر الاعتبار الظروف والمشاكل الاقتصادية والاجتماعية، فقد شرع هذا القانون.

**يوسف محمد صادق**
**سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان - عيراق**

**جعفر إبراهيم ئێمینكی**
**جێگری سەرۆكی پەرلەمانی**
**كوردستان - عيراق**

**بێگەرد دلشاد شكرالله**
**سكرتێری پەرلەمانی**
**كوردستان - عيراق**

Mizan Al-Adalah firm For Lawyers and Legal Consultants
M.A.L.Co.